"Die Kurden- Ein Volk, das es nicht geben darf!"

# کورد، ئەو گەلەی کە ئیجازەی بوونی نییە!

نەهیە خوشکەلام

30-10-2011



شەوێکی ساردی پاییزە، لەو شەوانەی کە بێگومان هەمووومان زۆر شەوی وامان تەجرەبە کردووە، شەوێک کە تەنانەت ڕۆناکایی دڵەکانیش قەتیسن و دەرکەیان لە سەر داخراوە و خشپەی نیگای گەڵاڕێزان چیرۆکی ئەسرینە کاڵەوبوەکانی وڵاتی گریان دەگێڕێتەوە و خاکی ماڵە ڕۆخاوەکانی دوای بومەلەرزە خۆی ئەسپاردۆتە دەس کارنەواڵی ئاواز و مێلودی هەوری دڵڕەقی ئەم پاییزە خەمناکە و ووشەکانی تارێکی و بێکەسی و بێدەرەتانی مێللەتێک لە ناو ئامێزی قەترانی ئەم شەوە

سامناکە ئۆقرەی گرتووە و دەڕوا، دەڕوا ببێت بە تابلۆ، تەنانەت دەڕوا ببێت بە تابلۆییێک بۆ نەخشاندنی داهاتوش!

شەوێک لەو شەوانەی کە لەوە دەچێت هیچ تروسکەییک نەتوانێت ڕۆمەتی شەو بشێوێنێت. دەنگی هەڤاڵێک لە سەر هێڵی تەلێفون چیروکی لێقەوماوانی شاری وان دەگێڕێتەوە، ناوونیشانی چیرۆکی زریکەی ئەو خەڵکە زامدار و بێماڵوحاڵەی کە دەرکەی هۆڵی کونگرەکان و گویی ئاژانسەکانی ئاگادار کردنەوە و هەواڵ و پەنجەرەکانی ماڵی سیاسەتی جیهانی و نێو نەتەوەیی لە ڕویاندا داخراوە. جوگرافیای گریانی میللەتێکی بێوڵات کە ساڵیانێکی درێژە لێزگەی تەنهایی لە گەردنی وەک ملوانکە هالاوە و ئاسەواری نیگاری خۆی نەخشاندووە!

باس لە چیروکی لێکدابڕان دەکات؛ باس لە دوایین هەناسەکان و دەنگێک کە لە ژێر تەلاری ماڵە ڕوخاوەکان داوای یارمەتی دەکرد و ئێستا بەرەو خامۆش بوون دەڕوا دەکات! باس لە هاوار و زریکەی لاواندنەوەی دایکێک، باوکێک یان منداڵێک لە سەر تەرمێک  لەم دیوی ماڵە رۆخاوەکان دەکات، باس لە بومەلەرزەی سروشت و بۆمەلەرزەی فاشیسم دەکات و خەڵکێکی بڕیندار لە پەراوێزی ئەم ڕووداو و واقعیە دڵتەزێنانەدا.

ماوەی حەوتوییێکە کە بۆمەلەرزەی شاری وان قەماوە و منیش وەک زۆر کەسی دیکە بە پەروشی هەواڵەکان پەیڕەو دەکەم. هەر ڕۆژە  هەواڵێک ڕامدەچڵەکێنێت و هەر ساتە زۆرتر دەگەمە ئەو باوەڕەی کە ووشە جوانەکان تەنها ئامرازێکن بۆ ڕازاندنەوەی جیلوەی جوانی  ئەو دونیا خەیاڵیەی کە لەوانەیە هەرگیزنەیاتە دی! واقیعەکان زۆر تاڵترن لەوەی کە لە بڕوادا بگونجێن! هەڵوێستی ئاژانسەکانی ڕاگەیاندنی تورکی و هەڵوێستی خەڵکی ئاسایی و نائاسایی تورک ئەوەندەیتر ڕامدەچڵکێنن، بەڕێوەبەرێکی پروگرامێکی تەلەفزیون  دەڵێت حەقیانە با وایان لێ بێت،ئەو کارەی کە دەوڵەتی تورک نەیتوانی بیکات خودا کردی! یەکێکیتریش دەڵێت:" من پێم خۆش نیە، بەڵام پێشم ناخۆش نیە" و یەکێکیتریش... یەکێکیتریش... ئوردوگان لە بەر شاشەی کامێراکان بە پەلە سەردانی ئەو ناوچەیە دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا لەو چرکەساتە گرینگەدا کە دەتواندرا زۆرترین ژومارە لە ژێر کەلاوەکان دەربهێندرێت دەرکە لە سەر تەواوی یارمەتیەکانی جیهانی و نێونەتەوەیی دادەخەن و دوایی چەن ڕۆژ تازە دەڵێن کە پێوستیمان بە یارمەتی هەیە! هەر لەو کاتەدا کە ئوردوگان لە بەر تیشکی کامێراکان دڵنوایی لە خەڵکی لێقەماو دەکات بە دەیان تانگ و زرێپوش و فرۆکە  هروژم دەکەنە سەر خاکی کوردوستان ...

له دوایشدا ئوردوگان دەڵێت که کوردەکان موسوڵمان نین و زەرتشتین، دەڵێی ریک کەوتنیان له گەڵ خودا کردوو،  تا خودا به بومەلەرزه و ئەوان به تانگ و فروکه خۆ کەون و حەقی ئەو ئاگرپەرستیه بکەنەوە! هەواڵنێرە تورکیەکان دەڵێن ئێمه پێوستیمان به یارمەتی وڵاتانی دیکه نیه و خۆمان یارمەتی ئەدەین و ماشینی گەورەی پڕ له یارمەتی بەڕێ دەکەن، ئەوەندە ڕووداوەکان دڵتەزێنن که تەنانەت خودی ڕۆژنامەنوسه تورکەکانێش دێنه زمان، له ناو ئەو سندوقانەی که بڕیار بوو یارمەتی تێدا بێت پڕ کراوه له بەرد و ئاڵای تورکیه و جلی مەلەکردن و جلی ژێرەوە! سەبارەت بەم هەڵوێستەی  تورکەکان پنار اوغونچ ئەڵێیت: ئەمه بەڵاییکی سروشتی نیه بەڵکو نیژادپەرستیه و ئەحمەد هاکان ڕۆژنامەنوسی تورک کاتێک که به شوێن هەواڵەکاندا دەچێت دەڵێت:" هەوەڵ بومەلەرزه تورکیەی لەرزاند و دوایش فاشیسم!"

له هەموو شتێک ناخوشتر کەمهەڵوێستی مێدیا و حیزبوڕێکخراوه کوردییەکان به تایبەت کوردەکانی ڕۆژهەڵاتە!

هەموو شتێک زۆر سەیر و تێکەڵ و ئاڵۆزە، به خۆم ئەڵێم چ دەبوو گەر له ئاسماندا ئەستێرەکان جیا لەوەی که له جوگرافیای چ وڵاتێکدان به یەکسانی خۆ له تریفەی مانگەشەو هەڵبکەیشن و له ناو لانکەی ماڵە ئاوریشمیەکانی خەیاڵ، ئاواته مروییەکان بلاوێننەوە و بیکەن به گوڵ و تێکەڵ به فرمێسکی بکەن بۆ عەتر باران کردنی دونیا؟! چ دەبوو که خۆر به بێ جیاوازی له هەموو وڵاتێک دەمبەخەندە بەیانیباشی به زەوی بگوتایە و بەدەست و پەنجەی تیشکی خۆرەتاو ئازارەکانی خاکی بریندارمانی ساریژ بکردایە؟! چ دەبوو گەر زەوی ووشکەساڵی دڵەڕەشەکان به بارانی مروڤدوستی و ئینسان بوون بشوردرایەوە و تیشکی خۆر به بێ جیاوازی خۆی به ماڵ دڵی هەمووواندا بکردایە وخەونی وڵاتێک دەبینم که گوڵ له بەر ئاوێنەی کانیاوی میهرەبانی به شانەی تیشکەکانی خۆر پرچی  سیحراوی و ڕەنگاوڕەنگی شانه دەکات و بۆنی میهرەبانی به دونیادا دەپرژێنێت، بەڵام داخم تاریکایی ئەم شەوە ئەوەندە قوڵە که به ووشه دەمسواوەکان ناهەژێندرێت. بای ئەم شەوانە ئاهەنگی خەم ئەچڕێت و قاسیدی پاییز به لورەی دەنگی سۆزی گیتارە خەماوێکەی ئاهەنگ بۆ ناشتنی گورانیه هەڵڕژاوەکان دەژەنێت و چیتر ئەستیرەکان پیشاندەری ڕیگەی ئەوین و بڕیارە پیرۆزەکان نین و مانگ له کاتی تێپەڕین به کۆڵانی هەورەکاندا هەوڵ ئەدات که ڕوخساری خۆی زۆرتر حەشار بدات!

**من پەرۆشم،  پەروشم و دڵنیگەران بۆ ئەو میللەتەی که خەڵکی هیچ جێگاییێک له دونیادا نین!**

"Die Kurden- Ein Volk, das es nicht geben darf!"

**ئەم سەردێڕەم لە ناوی فیلمێک وەر گرتووە کە کاناڵێ ئاڵمانی ZDF لە سەر بارودۆخی کوردەکان بڵاوی کردەوە.**